# خواستێکی ناوەخت و ناکام

Maria Ehmed - Hewlêr

ئیمشەو لە سەر رایەخی تازیبارێتی
پرسەی خەونە سەربڕاوەکان
رۆحی بێدارم گیان دەدات
دایە؛ گەورەم سەروەرم، سایەم، سێبەرم
دەستی کبرایی تۆ و ... عەنبەر سارای شیعر و
فرمێسکە مەیووەکانی ئەم بەفرە شەو نیشینە نەبێ!!
کێ هەیە خەمەکانم لە گەڵ دارە بەشی کات
بۆیە بەم شەوی یەڵدایە، شەوگەرێک بووم
خدر ئاسا دەگەڕام ....

سەبرم لە پشت کێوەکانی نهێنی، حەشاردا
هانام بۆ سوێیە چاوبەستراوەکانی برد
نەفرینم لە گەدەلوولە دڕکاویەکانی جەفا کرد
بەسنگی ئەم کەونە پەژموردە و تەهییە
موبتەلایانە چوومە خوارێ
چنگم لە دڕکە زیپەکانی بەکۆژەی ئسمان گیر کرد
دەستم بۆ لقەکانی «تۆبا»* درێژ کرد
وەلێ ئەفسووس!
نەزەوی قووتی دام ... نە ئاسمان رۆحی شێت و
مشەکانم لە خۆ دەگرێ!!
نە مێژوو کوختە لانێکی پێ ڕەوا دیتم!!
سەرم شارە هەنگێکی نەحەسایەوەیە
جەستەم باڵندەیەکی باڵشکاوە ...
قەدەر هەرسی خەونەکانم هێما
غایلەکان جێیان بە دالغەکان لەق کرد
فەتارەت لە کۆشکی بلوورینی سرووودەکانی دام
سوورەتەکانی سەر زاریای فراندم
ئۆغر و خێر ... سەفەر و خێر
ئەی خواستە نابەکام و ناوەختیەکان
بۆیە ئەسکەندەرانە گەڕامەوە ....
شیعر ئەی کۆڕپەی هەتیوی خاتوو خەونە
دەست و پێ بەخەنە جوانە مەرگەکان
تۆ نەبی .... کێ دەروازەی عەزابی
ئەو عومرە بەزایە لەسەر منی ماندوو دادەخا؟!
ئیمشەو سەرم بەقەڵەندەر خانەکانی عیشق داگرت
ناهەق خانەیەکم دیت لە زوڵم
ئاگام لێبوو ....
ئەستێرەکانی سورەیا هاتن ... سەرخۆشیان لەرەنجی بەبا چوو
لە رەنگ لە روو چووی من کرد
فرشتەکانی (کەرووبی)، عەرشی خۆیان بەجێ هێشت و
بەدەستە نازەکانیان
فرمێسکەکانی بێداریان سڕیمەوە

شەویش بە کڕنۆشی بۆ نازە لە فاچ دراوەکانم برد

مانگ تکاکارانه

له دەرگای تازیه بارییەکەی دام
باڵندەکانی بەچیەی باڵەفریان
پڕشنگیان به رۆح و گیان بەخشیم
داڵیه ئەی سەروەرم، دەزانی خەوی دڵبەرد
هەر نەهات
شەپۆڵە زامی ئەم خەمە سەروەرم نغرۆ ئەکات ....